# تابۆشکێنی لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا

**شەیدا باسم عبداللە، شادان شوکر سابیر، بەژدار سلێمان عەبدولەناف**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تابۆشکێنی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دایە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆرێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری شکاندنی تابۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا بە توێژینەوەیەکی زانستی باسی ئەم بابەتە نەکراوە، بۆیە ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا ئەم بابەتە بە وردی بخەینەڕو.

تابۆ بەشێکە لە زمان، بەڵام ئەو بەشەی زمان درکاندنی قەدەغەیە. لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا چەند بابەت و کارێك هەن، کە ناوهێنان و باسکردنیان، لە هەندێك کات و شوێندا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە، یان هەر دەربڕینێك کە پەیوەندی پێیانەوە هەبێت، لە لایەن کۆمەڵگەکەوە قەدەغە دەکرێت، زۆربەی هۆکارەکانی قەدەغەکردن و ڕێگەپێنەدانی زاراوە و دەربڕینەکان پەیوەندییان بە یاسای کۆمەڵایەتی و کولتوور هەیە، چونکە لەگەڵ دابونەریت و کلتوری کۆمەڵگەکە ناگونجێن .

ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، کەرەستەی توێژینەوەکەش بریتییە لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)، ئێمە بەپێی ئەم ڕێبازە هەوڵمانداوە، بەشێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە شیبکەینەوە، تا جۆری تابۆیەکە دیاری بکەین.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەردو لایەنی (زمان و ئەدەب) ی کوردی بەیەکەوە بەستۆتەوە .

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەوەی کە ئەم شاعیرە لە زۆرێك لە شیعرەکانی پابەند نەبووە بە دابونەریت و کلتوری کوردییەوە و ئەو وشە و زاراوانەی کە ناکرێت بگوترێن و تابۆن لە زمانی کوردیدا، ئەو لەنێو شیعرەکانی زۆر بوێرانە و ڕاشکاوانە تابۆی زمانی کوردی شکاندووە و بەکارهێناون.

**کلیلە ووشەکان:** چەمك و زاراوەی تابۆ، پێناسەی تابۆ، چەشنەکانی تابۆ، جۆرەکانی تابۆ، جۆرەکانی تابۆشکێنی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا .

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تابۆشکێنی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دایە .

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەوەی ئێمەی هاندا، کە ئەم بابەتە هەڵبژێرین ئەوە بوو، بە ڕوانین لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا بۆمان دەرکەوت، کە زۆرێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری شکانی تابۆوە و شاعیر زۆر ئازایانە وشە و زاراوە تابۆکانی بێ سڵەمینەوە لە کلتوری کوردی خستۆتەڕو، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا لە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ باسی نەکراوە، بۆیە ئێمە هەوڵماندا لەم توێژینەوەیەدا ئەم بابەتە بە وردی بخەینەڕو.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە مەودا و چوارچێوەی شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دایە، بەپێی ڕێبازی (وەسفی شکاری) لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ ئەم بابەتە کراوە .

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجمان لە توێژینەوەکە ئەوەیە، کە جۆرەکانی شکانی تابۆ لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە ناودارە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە شیبکەینەوە و بیخەینەڕو.

### گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:

- ئایا کلتور پەیوەندی بە زمانەوە هەیە ؟
- ئایا لە شیعرەکانی شاعیردا چەند جۆر لە تابۆی زمانی بەدی دەکرێت ؟
- بەپێی ئەم توێژینەوە کام جۆرە تابۆی لە هەمویان زیاتر بەکارهێناوە؟

### گرفتی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە بابەتێکی تۆزێك هەستیارە، چونکە کۆمەڵێك لە وشە و زاراوەی تابۆ هەیە، مرۆڤ ڕوی نایەت، نە بە گوتن و نە بە نوسین ڕاستەوخۆ باسیان بکات، بەهۆی پابەندبوون بە دابونەریت و کلتوری کۆمەڵگەی کوردییەوە و شەرم لەخۆکردن لە کاتی درکاندن و نوسینیان، بەڵام بەناچاری بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە وشە و زاراوەکانمان خستۆتەڕو.

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا، ئەم بابەتانەمان خستۆتەڕو (چەمك و زاراوەی تابۆ، پێناسەی تابۆ، چەشنەکانی تابۆی، جۆرەکانی تابۆی زمانی). لەبەشی دووەمدا، (جۆرەکانی تابۆشکێنی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، تابۆی ئاینی، تابۆی سێکسی، بەکارهێنانی میتافۆری ناوی ئاژەڵەکان، تابۆی بێزێزی و جنێودان، تابۆی پیسی، تابۆی شوێن، تابۆی سیاسی) خراوەتەڕو.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 1(2025) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n1y2025.pp1-9
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 3 أيلول 2024؛ قُبل في 2 تشرين الأول 2024؛ نُشرت في 12 كانون الثاني 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org, shadan.shukr@koyauniversity.org, shaida.basim@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر ©2025 شەیدا باسم عبداللە، شادان شوکر سابیر، بەژدار سلێمان عەبدولەناف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 1ـ بەشی یەکەم: چەمك و پێناسەی تابۆ

### 1-1: چەمك و زاراوەی تابۆ (Taboo):

تابۆ (Taboo) وشەیەکی کۆنی لاتینییە، مەبەست گوتنە (قێزەون، نەشیاو، قەدەغەکراو، داپۆشراو)ەکانە. وشەی تابۆ لە بناغەدا وشەیەکی پۆلینزییە، لە وشەی (Tapu)هاتووە، لە زمانی ئەو کۆمەڵگەیەدا وشەی تاپو، واتە شتێك لە سروشتی خۆی دەرچووە و مەترسیدارە، هەر بەرکەوتنێك لەگەڵ ئەو شتە یان ناوهێنانی دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندن بەو کەسە (کەسنەزانی، 2021: 175)، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن دەریاوانی بەریتانی، کاپتن (جەیمس کوک)هوە، کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ تۆنگا لە ساڵی (1771)دا ئاماژەی پێکرا و هاتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە (Allan and Burridge, 2006: 6).

چەمکی تابۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا، پانتاییەکی فراوان لە (بابەت و کات و شوێن) داگیردەکات و تارادەیەك گشتگیرە، تابۆ دەتوانرێت بۆ دوو پۆل، دابەش بکرێت. یەکێکیان پێی دەگوترێت تابوی زارەکی؛ ئەوی تریان تابۆی نازارەکی یان تابوی ڕەفتارە. ((یەکەمیان، ئاماژەیە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەربڕین و بابەت لەناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، دووەمیان، تابۆی ڕەفتار یان تابۆی نازارەکی، ئاماژەیە بۆ نەکردنی هەندێك ڕەفتاری ڕۆژانە، چونکە ئەم جۆرە ڕەفتارییانە لەگەڵ دابونەریتی کولتوری، بیروباوەڕی ئایینی و نۆرمێکی ئەخلاقی ناگونجێن، بۆیە پێویستە دوربین لە ئەنجامدانیان)) ( Habibovic, 2010: 6)، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها تیشک دەخینە سەر تابۆی زارەکی، واتە دەربڕاوە زمانییەکان.

کەواتە تابۆ ئەو وشەو زاراوە و دەربڕینانەیە، کە لەناو کۆمەڵگا ڕێگای پێنادرێت، چونکە لەگەڵ سروشت و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگەدا ناگونجێت. چەند ڕەگەزێك بەشداری تێدا دەکات، وەك: (دابونەریت، ترس، سێکس، ئاین، نەخۆشی و مردن، ...هتد)، تابۆ لەنێو هەمو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، بەڵام گرنگە بزانین هەمو کۆمەڵگەکان وەك یەك سەیری تابۆ بوون ناکەن، بەڵام لەوانەیە لە هەندێك سیما هاوبەش بن، چونکە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بگرین دەبینین خاوەنی کۆمەڵێك دابونەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و کلتوری دیاریکراوی خۆیەتی، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك کلتوری تایبەتی خۆی هەیە، کە خۆی لە دابونەریت، ئاین، ئەدەب، هونەر، ئاکار، بەهای کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ ...هتد دەبینێتەوە. واتە کۆزانینێکە کە پێوستە تاك لە کۆمەڵگەکەی خۆی وەربگرێت و پەیرەوی بکات، تا وەك تاکێك کۆمەڵگەی خۆی قبوڵی بکەن و توشی سزای کۆمەڵایەتی نەبێت. لەبەرئەوەی زمان و کلتور دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و کلتوری هەر نەتەوەیەك لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەك (چیمۆبۆ و ڕۆزبێری) دەڵێت: ((کلتور زمان لە قالب دەدات))، (Moira, 1998: 62). لەڕێی ئەم دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییانە تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی زمان ئاڕاستە دەکرێن. ئەگەر تاك بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمەڵگە (ئاین و دابونەریت و کەلتور و بەها کۆمەڵایەتییەکان) نەجوڵایەوە، کۆمەڵ ئەو تاکە سەرزەنشت دەکات و سزای کۆمەڵایەتی دەدات.

### 2-1: پێناسەی تابۆ:

لە سەرچاوەکاندا تابۆ کۆمەڵێك پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەوانە:

تابۆ: بریتییە لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە قەدەغەکراوانەی، کە هەمیشە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانە، ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە لە بابەتەکانی تابۆوە سەرچاوە دەگرن بریتین لە (لەشولار) ئەو شتانەی کە لێوەی دەردەچن، وەك: پیسایی، عارەقە، خوێنی سوڕی مانگانە، میز، کردەی سێکسی و نەخۆشی و مردن و کوشتن و ناو و ناتۆرە و دەستبازی، چۆنیەتی تێڕوانین لە خەڵك و شتە پیرۆزەکان، ...هتد (فەرەج، 2011: 59). وشە تابۆکان بەگشتی بریتین لە قەدەغەکردنی ئەو دەربڕینانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە سنوریان بۆ دانراوە و دەربڕینیان ڕێگە پێنەدراوە، ((چونکە بارگاوین بە واتای پیرۆزی یان سۆزداری، بەکارهێنیان دەبێتە شەرمەزاری گشتی و بەکارهێنەر ڕوبەڕوی سزای توندی کۆمەڵایەتی و ئیدانە و سەرزەنشتکردن دەبێتەوە)) (Abdul-Majeed, 2016: 400). ((سزای کۆمەڵایەتی هەڵوێست و کاردانەوەی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هێزی تابۆیەکە، توندی سزای کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات)) ( Fershtman, Gneezy & Hoffman 2011: 140). واتە ئەو دەربڕینانەن کە ملکەچی ژینگەی کلتوری خۆیانن، لە ژینگە کلتوری و زمانییەکەی خۆیان ڕێگە بە دەربڕینیان نادرێن، ئەگەر دەربردرێن سزای لەدوایە، چونکە تابۆ، بەگشتی، قەدەغەکردنێکی توندی ڕەفتارێك یان گوتراوێکە لە هەر بوارێك لە بوارەکانی چالاکیی مرۆیی لەسەر بنەمایەکی ئاکاری یان ئاینی، کە بەهۆی پیرۆزی یان قەدەغەکراوی ڕەفتارەکەوە دەبێت، کە هەمیشە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاك/ کۆمەڵ هەیە. مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە تەنیا ناژی، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستە و کۆمەڵدابژی، پێویستە خۆی بگونجێنێت و هەندێکجار هەوڵبدات کۆمەڵ لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت. لەپێناوی وەرگرتنی ڕەزامەندیی کۆمەڵ و بوون بە ئەندام لە کۆمەڵدا، پێویستە تاك بەپێی ئەو یاسا و چەمك و تێڕوانینانە ڕەفتار بکات، کە کۆمەڵ بە گونجاو و شیاویان دەزانێت و خۆی دایناون. ئەندامانی هەر کۆمەڵێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، پێویستیان بە کۆمەڵێك یاسا هەیە، کە پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکبخات، بۆیە لەسەر چەندین بنەما و یاسا ڕێککەوتوون و پەیڕەویان دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایانە پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن (شەمس، 2018: 143).

واتە تابۆ، ئەو دەربڕینە زمانییانەن، کە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە، شیاو و ڕێگەپێدراو نییە، چونکە زمان ئاوێنەی کەلتورە، لەم ئاوێنەدا، وشیاری کۆمەڵایەتیی خەڵک، چۆنێتی بیرکردنەوە، سیمای ژیان، دابونەریت، بەها و بنەماکانی ئەخلاق و ... هتد دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلتور و کەلتوریش لە زماندا دەردەکەوێت. ((هەندێك لە فۆڕمە زمانییەکان وشەی فەرهەنگین و واتای نەشیاو (قەدەغەکراو)یان هەیە، هەندێکی تریشیان لە پەیوەندی واتایی نێوان زیاتر لە وشەیەك دروست دەبن))، (فەرەج، 2011: 54). (ئالان) بەم جۆرە پێناسەی کردووە، ((تابۆ بریتییە لە قەدەغەکردنی گوتن یان ڕەفتارێك لەو کات و شوێنانەی کە هەست دەکرێت، دەبێتە هۆی بێزارکردن و ناڕەحەتی و زیان گەیاندن بە تاکەکانی تری کۆمەڵگە))، (Allan, 2016: 2303).

کەواتە تابۆ بریتییە لە ڕێگەنەدان و قەدەغەکردنی هەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و گوتنێك، کە ئەندامەکانی تری ناو کۆمەڵگە بێزار و هەراسان، یان توشی دڵەڕاوکێ و شەرم لەخۆکردنەوە بکات.

لە زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێز و قودرەت و گیانلەبەرانەی کە پیرۆزبوون لایان، یان سەرچاوەی مەترسی بوون بۆیان. سڵیان لە ناوبردنی ڕاستەقینەیان کردۆتەوە و وایان بەباش زانیوە، کە بە وشەی تر ناویان بەرن، بەمە باوەڕیان وابووە گوایە، کە ڕێزیان لێدەگرن و دڵیان ڕادەگرن، یان لە کینە و پەلامار و ڕق هەڵسان و ئێش و ئازار پێگەیاندنیان بۆ سەر خەڵکی بە دور دەبن، واتە ئەگەر ناوە ڕاستەقینەکانی ئەو هێز و قودرەتانە بەرن لە هەمو حاڵەتێکدا باشیان بۆ نایەت و توشی خراپە دەبن. بۆ

نمونە: (سورێژەیان) بە (موبارەکە) ناوبردووە. جوانی و ناشیرینی، شیاوی و نەشیاوی، ڕێگەپێدان و پێنەدانی فۆرم و دەربڕینەکان پەیوەندییان بە دەنگ و پێکهاتە و واتای دەربڕینەکانەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵ خۆی ئەو بڕیار و حوکمەی بەسەر دەربڕینەکاندا داوە. لەهەمان کاتدا ئەو دەربڕینە هاوواتاکەی کە شیاوە و لە بری دەربڕینە قەدەغەکراوەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی دەدرێت، هەمان مەبەست و واتای دەربڕینەکەی تری هەیە. کە لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی کۆمەڵ، ئەویش قەدەغە بکرێت و دەربڕینێکی تر جێگەی بگرێتەوە.

**3.1: چەشنەکانی تابۆی زمانی:**

بەشێوەیەکی گشتی لە سەرچاوەکاندا، دو چەشن تابۆی زمانی دیاریکروان، کە بریتیین لە:

**1.3.1: تابۆی ڕەها:** کە تابۆی (یەکلایەنە و بێگومان)یشی پێدەگوترێت، تەنها جەخت لەسەر لایەنی نەرێنی دەکاتەوە. وەك:

أ- (... ) خۆی کەسێکی بەدخو و بەدڕەوشتە، پێویست ناکات پاساوی بۆ بهێنیتەوە .

**2.3.1: تابۆی ڕێژەیی:** کە تابۆی (دولایەنە و لێل)یشی پێ دەوترێت، هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی دەگرێتەوە.(Armstrong, 2005: 123)

بۆنمونە:

ب ـ پێویست ناکات لێی توڕەبیت (...) کەسێکی نەزانە، ئسلوبی قسەکردن نازانێت.

لە نمونەی (أ)دا (بەدخو، بەدڕەوشت) تابۆی تەواون و هیچ گومانێکیان تێدانییە و تەنها خەسڵەتی نەرێنی دەخەنەڕو، بەڵام لە نمونەی (ب)دا، (نەزانە، ئسلوبی قسەکردن نازانێ)، هەم پاساو هێنانەوەیە بەمەبەستی بەرگری لێکردنی، هەم خستنەڕوی لایەنی نەرێنییە، واتە (ئەرێنی و نەرێنییە).

**4.1: جۆرەکانی تابۆی زمانی:**

لە سەرچاوەکاندا، بە شێوەی جیاواز پۆلین و جۆرەکانی تابۆ دیاریکراوە، بەڵام هەمویان لەیەکەوە نزیکن، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەن:

**1.4.1: تابۆی ئاینی :**

لەنێو هەر میللەتێکدا بەهاو ڕێسا ئاینییەکان، وەك پێکهاتەیەکی کلتوری میللەتەکە پێگەیەکی بەرچاوی لە ناخی تاکەکانی ئەو میللەتەدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کارکردن بە پێچەوانەی ئەم بەها ئاینییانەوە، تاك دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وتەکانی بە گومانەوە لەلایەن کۆمەڵەوە لێوەردەگیرێت، وەك: کفرکردن و ناوهێنانی پێغەمبەران تەنها بەناوی خۆیانەوە و بێڕێزیکردن بە کتێبە ئاسمانییەکان و پیاوانی ئاینی، ...هتد، توشی سزایی یاسایی و کۆمەڵایەتییان دەکاتەوە. تابۆی ئاینی ئەو وشانەن، کە ئاین ڕێگەی پێنەداون بە سوکی باسبکرێن، بەو کەسەی لە یاسا ئاینی و کۆمەڵایەتییەکە دەردەچێت دەڵێن: (بێ ئیمان، فاسیق، کافر، ...هتد).

**2.4.1: تابۆی مردن:**

مردن کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێنە، کاریگەری و ترسێکی زۆری لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ هەیە، ناوهێنانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریکی تارادەیەك گرانە، بۆیە هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری و ترسەکەی دەدرێت، بە دەربڕینێکی تر. ئەمەش پەیوەستە بەجۆری پەیوەندی نێوان تاکەکانەوە، بە تایبەتی پەیوەندی نێوان قسەکەر و کەسی مردو، یان گوێگر و کەسی مردو. ئەگەر پەیوەندی نێوانیان پتەو و بەهێزبوو بێت، ئەوا قسەکەر دڵی نایەت بە ڕاستەوخۆیی بە گوێگر بڵێت (.... مرد). بەڵکو بە وشە هاوواتاکانی مردن مەبەستەکەی دەردەبڕێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکە لاوازبوێت یان یەکتریان نەناسیبێت، زۆر بە ئاسیی دەڵێت (....مرد). هەندێکجار پەیوەندی و جیاوازی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی نێوان قسەکەر و گوێگر، هەروەها کات و شوێنی ئاخاوتنەکەش کاریگەرییان لەسەر شێواز و دەربڕینەکانەوە هەیە، لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك دەربڕین بۆ مردن بەکاردەهێنرێت، وەك: (کۆچی دوایی کرد، ئەمری خوای کرد، چوە بەر ڕەحمەتی خودا، گیانی سپارد، تا هەتایە چاوی لێکنا، وەفاتی کرد، شەهید بوو، گەیشتە کاروانی نەمران، خوا ئەمانەتەکەی لێوەرگرتەوە، ...هتد).

**3.4.1: تابۆی نەخۆشی:**

باسکردن و ناوهێنانی هەندێك نەخۆشی ترسناك و تابۆیە. یەکێك لەو بابەتانەی، کە سەردەمانێکی زۆرە مرۆڤ گیرۆدەی بووە، بابەتی (نەخۆشی)یە. بۆیە دەبینین لەناو کلتوری میللەتانی جیهاندا بەگشتی و لەناو کلتوری کوردەواری بەتایبەتی ئەم بابەتە جێی تێڕامانە. تابۆی نەخۆشی، کە لەبەر ترس لە نەخۆشی، یان هێزێکی بەرجەستە یان مەعنەوی، بەشێوازێکی تر دەگوترێن، ئەمەش گۆڕانی واتایە بەهۆکاری دەرونی، بۆیە وشە سەرەکییەکە ناگوترێت و وشەی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە (سیل، سورێژە، ئایدز، دەردەکۆیان، تاعون، کۆلێرە، گەڕی، کۆرۆنا، جنۆکە، ...هتد)، وەك: زۆرجار لە جیاتی نەخۆشی شێرپەنجە (دەردە پیسەکە) بەکاردێت، هەندێکجار دەڵێن (ئەو دەردەیەتی).

هەندێك نەخۆشی تر هەن، کە بەهۆی پیسییانەوە ناوهێنانیان گونجاو نییە، وەکو: (سکچوون، ڕشانەوە)، بەڵام بەهۆی هەندێك دەربڕینی تری وەك: (عەیب نەبێ، بیلامانێ، بیلامەعنا، لە ڕوتان بە گوڵاوبێ، پەرژینەکی قایم بیت لە ڕوتان، دور لە ڕوتان، ...هتد) دەردەبردرێن.

**4.4.1: تابۆی بێڕێزی و جنێودان :**

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کۆمەڵێك بەهای کلتوری و مرۆڤایەتی هەیە، کە دەبنە پێوەری بەرێزی تاکەکان، لادان لەو پێوەرانە دەچێتە خانەی بێڕێزی. کاتێك بەها کلتورییەکان دەبنە پێوەر بۆ نەشیاوی دەربڕاوە زمانییەکان، ئەوا بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوانە لەلایەن قسەکەرەوە جۆرە بێڕێزییەکی بەرانبەر بە گوێگر تێدایە. جا لەڕوی بێڕێزی بێت دەربارەی تەندروستی، یان جنێودان، یان کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی مرۆڤەکان. واتە دەچێتە خانەی سوکایەتی پێکردن و کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی مرۆڤەکان (موحسین، 2008: 116). بەم پێیە بێت بەکارهێنانی هەندێك وشەی وەك: (شەلە، کوێر، کەڕە، ...هتد)، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەرونی وەرگر بەجێ دێڵن، یان زاراوەی (کەمئەندام) وەك زاراوەیەکی گشتگیر بۆ ئەو مرۆڤانە بەکارهاتووە، کە کەموکوڕی جەستەیی یان عەقلییان هەیە، کاریگەری نەرێنی گشتگیری هەیە، بۆیە دەبێت هەندێك وشەی تر لە جیاتی ئەمانە بۆ ڕێزگرتن و دڵ ڕاگرتنیان بەکاربهێنین، لە ئێستادا هەوڵدراوە زاراوەی (خاوەن پێداویستی تایبەت) بەکاربهێنرێت، یان زاراوەی (نابینا لە جیاتی کوێر و نابیست لە جیاتی کەڕ)، (بەخشراو لە جیاتی شێت) گونجاوترە. هەروەها جنێودانیش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم جۆرە تابۆیە، (جنێو، بەکارهێنانی هەندێک وشە یان دەستەواژەیە، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و دڵشکاندنی کەسانی دیکە، وەك: هەتیو، چەتیو، چەتەوکە، چڵمن، حەیوان، مەیمون، گێژە، دەبەنگ، ...هتد)، (Ningjue, 2010: 7).

**5.4.1: تابۆی پیسی:**

ناوهێنانی هەندێگ شت لە کۆمەڵدا. بێزراون و پاك نین، زۆرجار بەهۆی دەربڕینەکانی وەکو: (بیلامانێ، بیلامەعنا، عەیب نەبێت...) یان هاوواتاکانیان، یان

وشەکە بەزمانێکی تر بەکاردێنن، بۆ نموونە:

ـ لە جیاتی ئاودەست (خەلا)، (تەوالێت، ئەدەبخانە، دەست بە ئاو گەیاندن، wc) بەکاردێت.

**6.4.1: تابۆی (شوێن ـ کات ـ ژمارە) :**

وەك: ناوڕەزان، سەرقەبران، پشت مەکتەب، 13، 66، 16ی ئۆکتۆبەر، 31ی ئاب...هتد. ئەم دیاردانەی ژیانی مرۆڤ، کە ڕوانگەیەکی شوێنی پیرۆز، یان قەدەغەییان وەرگرتووە. ئەم ئاراستەیە لە بیرکردنەوەیە مرۆڤی بەرەو ئەوە بردووە وردتر بڕوانێت بۆ (شوێن ـ کات ـ ژمارە) جۆرە تابۆیەکیان لەخۆ گرتووە، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر دەگۆڕێت. لێرەدا هەوڵدەدەین ڕوماڵی هەرسێ تابۆی (شوێن ـ کات ـ ژمارە) لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بخەینەڕو:

**6.4.1 أ: شوێن:** بەهێندەی خودی ژیان (شوێن)ی ژیان بەلای مرۆڤەوە گرنگ بووە، هەر بۆیە مرۆڤ و کۆمەڵگا هەندێك شوێنی پیرۆز کردووە و هەندێك شوێنی تریش ناچیزە. پیرۆزی و ناچیزەیی شوێنیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت (فەرەج، 2011: 89). لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە چەمکەکانی (سەر قەبران، دۆڵ، بن پرد، پشت سەیتەرە، ناوڕەزان ...هتد) ورد ببینەوە، دەبینین بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا پەیوەست بە بارودۆخی زمانی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە جۆرە قەدەغەییەك لەخۆ دەگرن، وەك چەمکی تابۆ دەردەکەون. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لەم ڕستانەی خوارەوە ڕابمێنین.

١ـ بە گۆڕی ئەژداد و ئاباديا چووە خوارەوە.

٢ـ پیسی چەپەڵی وا داوای ژوانی سەر قەبران دەکات.

ئەگەر لە ڕستەکانی (1 ـ 2) ورد ببینەوە، دەبینین، لە ڕستەی یەکەمدا حورمەتی شوێنەکە شکێنراوە، بریتییە لە جنێودان بە گۆڕی باب و باپیری، لە ڕستەی دووەمدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەستنی ژوان لە شوێنی ڕێزلێنراوی سەر قەبران.

**6.4.1 ب: کات:** هەرچی ئەو وشانەیە، کە پەیوەندیان بە تابۆیی کاتەوە هەیە، کۆمەڵی کوردەواری پێی باشنەبووە، هەندێک کار و کردار لەو کاتانەدا ئەنجام بدات، جا لە ترسا بووبێت یان لە ڕوی شەرم و عەیبەوە جێگەی تێڕامان بووبێت، هەروەک لەم پەندەدا ئەم مەبەستانەمان بۆ دەردەکەوێت (شەممە بار و شەممە کار، هەر بوکی تیامەکە سوار)، واتە هەمووکارێک لەڕۆژی شەموانا پیرۆزە، بوک گواستنەوە نەبێت، کە ئەم پیرۆزییە لە شەوی هەینیدایە (ئەحمەد، 2021: 456) .

**6.4.1 پ: ژمارە:** ژمارەی ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەگەر لە شوێن و کاتی ڕووداوەکان گرنگتر نەبێت، ئەوا بە هێندەی ئەوان گرنگە، چونکە هەندێك لە ژمارەکان ئاماژە دەدەن بە ڕۆژی ڕوودانی ڕووداوە شومەکان، هەندێکی تریشیان، وەکو هێمایەك ئاماژە دەدەن بە شوێنە تابۆیەکانی جەستەی مرۆڤ و کردە سێکسییەکان. وەکو: ١٣، ٦٦، ٧٤، ٩٦، ١ و ٥..... (شەمس، 2018: 11). بۆ نموونە کە دەگوترێت:

ـ ناوچاوانی سێزدەیە.

ژمارە (13) هێمایەکە بۆ ئەو کەسانەی شەنس و بەختی باشیان لە ژیاندا نییە، دیارە ئەم بۆچوونەش بۆ ئەم ژمارەیە لە باوەڕێکی ئەفسانەیی کۆمەڵەوە هاتووە، کە لە ئێستادا وەك بۆچوونێك ماوەتەوە و بەردەوام لە هزری ئاخێوەرانی کۆمەڵگاکەماندا ئامادەگی هەیە و بەبێ ئەوەی سەرچاوە و بنەماکەی بزانرێت.

**7.4.1: تابۆی سیاسی :**

ئەو وشانەن، کە پەیوەندیان بە بیری سیاسییەوە هەیە، وەك: جاش، دیکتاتۆر، خائین، گەندەڵ...هتد. لە هەندێك باردا تابۆی ژمارە لەگەڵ تابۆی سیاسی یەکدەگرنەوە، وەك: (31ی ئاب، 16ی ئۆکتۆبەر). تابۆی سیاسی بەپێی لایەنگیری لە بیری سیاسی بەکارهێنان دەگۆڕێت:

پارتی... 31ی ئاب تابۆیە.

یەکێتی ... 16ی ئۆکتۆبەر.

**8.4.1: تابۆی سێکسی:**

هەمو ئەو ناو و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە دوورونزیك یان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە و دەتوانین بڵێین تابۆی سێکسی فراوانترین جۆری تابۆیە. باسکردنی هەرچی پەیوەندی بەسێکسەوە هەیە، هەر لە کاری سێکسی و ئەندامەکانی زاوزێ و تەنانەت دەربڕینی هەندێك کردار و زاراوە و جلوبەرگی تایبەتیش بە نەشیاو و ناپەسەند دانراوە و دەبێت بە وریاییەوە ناویان بهێنرێت. واتە ((بریتین لە هەموو ئەو دەربڕینە زمانییانەی کە تایبەتن بە ئەندامانی زاوزێی مرۆڤ و بونەوەرانی دیکە و پرۆسەی سێکسی بەگشتی، کە ئاخێوەران هەوڵدەدەن لە بەکارهێنان و دەربڕینیان خۆی بپارێزێت))، (شەمس، 2018: 11)، تابۆی سێکسی بابەتێکی هەستیارە، ئاین فشارێکی زۆر دەخاتەسەر پرۆسەکە و زۆر جەختی لێدەکاتەوە و زۆر سنورداری دەکات، زۆر هەوڵی بەرزەفتکردنی دەکات. ئەو کەسانەش، کە بەبێ پەردە و بە ڕەهایی باسیان دەکەن، واتە پابەند نەبن بە یاسا و بنەما کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە (بێ شەرم، بێ ڕەوشت، بێ ئەخلاق، ...هتد) ناوزەد دەکرێن.

ڕەگەزی تاك (نێر یان مێ) ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕادەی قەدەغەکردنەکەدا دەبینێت. بۆ نمونە هەندێك دەربڕین تەنها بۆ پیاوان قەدەغەیە و بۆ ژنان ئاساییە، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە. یاخود لەنێو ژنان کاتێك هەر خۆیان بن زۆر دەربڕین بەکاردەهێنن، بەڵام بە ئامادەبوونی پیاو دەربڕینەکان قەدەغە دەکرێن. وە بە پێچەوانەشەوە. یان ژن و مێرد لەنێوان خۆیاندا زۆر دەربڕین بەکاردەهێنن، کە بە ئامادەبوونی کەسێکی تر دەربڕینیان نەشیاو و قەدەغەن. هەروەها لەنێوان پزیشك و نەخۆش لە کاتی نەخۆشی و سەردانی دکتۆر بەکاردێت، بەڵام لە کاتی تر بەکارناهێنرێن .

هەروەها لە بواری یاسادا زۆرجار تابۆ دەشکێنرێت، تا تاوانبار بەپێی جۆر و قەبارەی تاوانەکەی سزا بدرێت، واتە هەروەك چۆن لەنێوان دکتۆر و نەخۆش لە زۆربواردا تابۆ نامێنێت، واتە نەخۆش دەرد و نەخۆشییەکەی چی بێت و لەکوێی بێت دەیڵێت، تا بە دروستی دەرمان بکرێت، بەهەمان شێوەش لەنێوان تاوانلێکراو و پارێزەردا یان دادوەر یان پۆلیسی لێکۆڵینەوە، سکاڵاکەر بە دروستی جۆری دەستدرێژیکردنەکە، کە کراوەتە سەری بەبێ تابۆ باسی دەکات، تا دادگا مافی بسێنێت.

## 2. بەشی دووەم: جۆرەکانی تابۆشکێنی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

(شێخ ڕەزا) بەهۆی شێواز و ئەزمونی شیعری شاعیرێکی ڕەچەشکێنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، شاعیرێك بوو هەر بە جنێو و هەجو و پەردە لەسەر هەڵماڕاو بەناوبانگ بووە. هەر بۆیە لەنێو دیوانە شیعرەکەیدا بە شێکی زۆری ئەو شیعرانە بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا ئەو وشانەی کە قەدەغەن و بەکارهێنانیان لە کۆمەڵگادا ڕێگەپێدراو نییە بە شێوەیەکی داهێنەرانە و هونەری خستووەتە ناو قاڵبی شیعری بەرزەوە و گەیاندویەتییە ئەو پەڕی بەرزی. هەربۆیە لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە شێوەی جیا تیشك بخەینە سەر ئەو شیعرانەی کە تێیدا چ بە ناوەڕۆك، یان بە بەکارهێنانی وشەیەکی تابۆ و قەدەغەکراو ئاماژەی پێکردووە بیان خەینەڕو:

**1.2: تابۆی سێکسی:**

بەشێکی تر لەو وشە قەدەغانەی لە شیعری (شێخ ڕەزا) بەدیدەکرێت، ئەویش بریتییە لە تابۆ سێکسییەکان. کە ئەمەیان لە چاو جۆرەکانی تر، قەدەغەکردنی لە بەکارهێنانی پلەیەك لە سەروی ئەوانی ترە، چونکە لە هەمو کۆمەڵگایەك قسەکردن و دواندن بەم شێوەیە قەدەغەیە لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت، بەڵام (شێخ ڕەزا) زۆر بوێرانە ئەم سنورەی نەهێشتووە و زۆر بە ئاسایی وەریگرتووە و لە شیعرەکانیدا تەنانەت ئەو شیعرانەی دەچێتە خانەی ستایش و پیاهەڵدانیشەوە تەنانەت لە دێڕێکیشدا بێت ئەم وشانەی بەکارهێناوە، هەروەك لە شیعرێکدا (مستەفا بەگ) لە ڕێگەی بەکارهێنانی تابۆی سێکسی دەشواتەوە و دەڵێت:

لە بەگ وابوو کە من ماتم فشی کرد
کەمن هەستام ئەو داماوە فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گون بوو گەهێ کێر
حەقیقەت مستەفا بەگ گەردشی کرد
دەبوو باوکی سەگی ناو نایە ئەمما
بەگی ناونا قورمساغ یاغشی کرد (خاڵ،2003 : 61)

لەم شیعرەی خوارەوەش (شێخ ڕەزا) دووبارە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی قەدەغەکراو هێرش دەکاتە سەر کەسایەتییەکی تری بەناوی (ئەفەندی بەسرە)، کە لەو سەردەمەی شێخدا یەکێك بووە لە فەرمانبەرانی میری لە کەرکوك، هەروەك دەڵێت:

لێرەگایان ژنەکەی ئەفەندی بەسرە
ئێستە بۆ (بەسرە) دەچێ (بعد خراب البصرە)
هێند گەوادە گەر ئەولادی لە پێش چاوی بگێی
ڕیشی ڕادەگرێ کەها کێر و گونی پێ بسرە
عەینی بەغدایە بە خۆی چونکە لە بەر ئاوی مەنی
مەقعەدی بصرە، گونی قایغە، کێری جسرە (خاڵ،2003: 83)

شاعیر لێرەدا ئەفەندی بەسرە بە بەغدا دەچوێنێ لە ڕێگەی وێنەی لێکچواندنەوە بە تایبەتی لە دێڕی سێیەمدا چەند شتێك بە چەند شتێك دەچوێنێت ، واتە شێخ ڕەزا هەروەك شاعیرانی تری کلاسیك بەکارهێناوە، بە شێوازێکی هونەری ئەوەی مەبەستی بووە بۆ خوێنەر و وەرگر گواستۆتەوە، بەڵام کەرەستەکانی لای ئەم جیاوازن. ئەم جۆرە چواندن و وەسفکردنە پەیوەندی بە ئەزمون و شێوازی بەکارهێنانی زمانی شیعری هەیە، کە شاعیر توانیویەتی بێسانسۆر وشەکان بەکاربهێنێت. لە چەند دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت:

یەهوودی بەچەییکم گرت و لێم برد وتیان خووسا
کە تیم نا چاوی نووسا بانگی کرد: یا حەزرەتی مووسا
...
هەتیوی لووس و بێ تووکم لە عومری خۆم گەلێ گاوە
لە سەمتی سمتی(حماد)م نەبرد ئەم حەسرەتەم ماوە
...
هەتیوی خوێری و مەحبووبی سادە
کە دەستت کەوت سواری بەو پیادە (خاڵ،2003: 69)

یان دەڵێت:

کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خویش
گورزی خۆی هەردەوەشێنێ، چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی، هێند بە کونی تەنگاچوو
سەروچاوی هەموو زامدار، پەراسووی هەموو ڕیش (خاڵ،2003: 81)

لەم دێڕە شیعرانەدا (شێخ ڕەزا) توانا و ئەزموونی شیعری خۆی لە ڕێگەی وێنەی شیعری خستۆتەڕو، لە هەمانکاتدا بە سود وەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعرییەتێکی بەرز و بێ وێنەی بەخشیووە بە دێڕە شیعرەکان. لە ڕوی بەکارهێنانی وشەکانی زمانیش ئەو وشانەی کە لەنێو کۆمەڵگادا لە ڕوی بەکارهێنانەوە قەدەغەیە، شاعیر بە شکانی ئەم یاسایانە بە ڕون و ئاشکرایی ئەو وشانەی دەچێتە خانەی بابەتی تابۆ و تابۆی سێکسی خستۆتەڕو. ئەم وشانە زیاتر لە جارێك بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر لەنێو دیوانە شیعرەکەیدا بەکارهێناوە. هەر بۆیە شیعرەکانی لە ((بابەت نێربازیدا شێخ ڕەزا شیعری نایابی هەیە و لە زۆربەی لاپەڕەکانی دیوانەکەی هەر نەبێ بە تاك فردێکت بەرچاو دەکەوێ))، (حەسەن،2016: 66). لە شیعرێکی تریشدا ئەفەندی ناوێك لە ڕێگەی وشە و دەربڕینەکانی دەشواتەوە و دەڵێت:

ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان
سەد گانی بە ڕۆمدا و هەزاری بە عەجەمدا
هێند کێری هەتیوانی بە کوزدا چووە داکی
دەستێکی شکابوو بە منالی لەشکەمدا (خاڵ، 2003: 31)

لەم شیعرەدا ڕون دەبێتەوە، کە (شێخ ڕەزا) بێ هیچ سنور و بەربەستێك ئەوەی هاتۆتە سەر زمانی وتویەتی بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو پەندە کوردیەی کە دەڵێت: ( قسە بیگێڕ، بیبێژە، بیوێژە). شیعرەکانی تەنانەت جگە لە بەتەنیایی ڕوی خوێندنی مەجلیسی ناو دیوەخانیشی نییە، لەبەرئەوەی بە زمانێك دەدوێت، کە هیچ یاسایەك لە ڕوی بەکارهێنانی وشەکانی زمان لە شیعری (شێخ ڕەزا) بەدی ناکرێت، هەڵبەتە لە ڕوی وشە تابۆ و قەدەغەکراوەن ئەم بۆچوونە گونجاوە.

**2.2: بەکارهێنانی میتافۆری ناوی ئاژەڵەکان:**

بەشێك لە نمونە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا) لە پاڵ تابۆی ئاینی و سێکسی جۆرێکی تر تێدا بەکارهێنراوە ئەویش پێکهاتووە لە بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵەکان، کە واتایەکی شاراوەیان لێبارکراوە، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی کورد لە کۆنەوە بۆ کار و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی ئاژەڵی بەکارهێناوە و کاتێکی زۆری لەگەڵ بەسەر بردووە، ئەمەش وایکردووە بەشێك لە سیفەتی ئاژەڵەکان وەك میتافۆر ئاماژە بۆ بابەتێکی تر بەکاربهێنرێت، هەندێك لە سیفەتەکان لایەنی باش و بەهێزی و جوانی دەخەنەڕوو، هەندێکیان بە پێچەوانەوە ئاماژە بە سیفەتی خراپ و ناشیرین دەکەن، (شێخ ڕەزا) وەك شاعیرێك، کە بابەتی داشۆرین پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانی داگیرکردووە، هەر بۆیە بەشێکی ئەو وشانەی، کە بەکاریهێناوە بۆ مەبەستی خۆی سودی لە ناوی ئاژەڵەکان وەرگرتووە و وەك تابۆ خستۆتیەڕو. هەندێکیانی لەژێر پەردەی تەنك بەو شێوەیەی دو واتای هەیە، یەکیان بە ڕونی دیارە، ئەوی تریان شاراوەیە، هەر وەك لەم شیعرەی خوارەوەدا دیارە وشەی (کەر) واتای تابۆی لەخۆ هەڵگرتووە، چونکە وەسفکردن و ناوهێنانی مرۆڤ بە ناوی ئاژەڵ کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە خزم، یاخود نزیك و ناسیاو بێت، بەڵام ئەمە لەگەڵ شێوازی شیعری (شێخ ڕەزا) پێچەوانە دەبێتەوە و هەروەك دەڵێت:

بۆ کەری ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە (خاڵ، 2003: 102)

واتای (لەم کەرە) دەکرێت مەبەستی ئەو کەرە بێت، کە شەڕی لە سەر کردووە،

یاخود نابراو (شێخ حەسەن) خۆی بە و واتایە دێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەو جارە نزیکترین کەسی خۆی کە (شێخ عەلی) برایەتی بەر هێرشی توندی (شێخ ڕەزا) دەکەوێتەوە و دەڵێت:

شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم موفید و موختەسەر
بۆحەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە کێری نێرەکەر (خاڵ،2003: 63-64)

لێرەدا شکانی تابۆ لە دەستەواژەی (کێری نێرەکەر)، کە مەبەستی (شێخ عەلی)یە، (شێخ ڕەزا) بێ ئەوەی شەرم بکات براکەی بەمە ئاماژە پێکردووە، هەڵبەتە هەر کاردانەوەیەکی (شێخ ڕەزا) بێ هۆکار نەبووە، هۆکاری ئەم شیعرە و کاردانەوەی بەرانبەر بە برایەکەی ئاماژە بۆ ئەو قسەیە دەکرێت، کە ((گوایە لە کاتی خۆیدا شێخ عەلی سوکە نیگایەکی خستۆتە سەر دایکی حەمەی وەستا فەتاح، چونکە جوانکیلە بووە هەمیشە لە ماڵی شێخ عەلی ئیشی کردووە و ئاوی دەستنوێژی شێخی داوە))، (خاڵ،2003: 20) شێخ ڕەزا لەنێو ناوی ئاژەڵەکان وشەی نێرەکەر زۆر وەك وەسفێك بۆ بەرانبەر بەکارهێناوە، هەر وەك لەم شیعرەی خوارەوەدا دووبارە وشەی (نێرەکەر) بەکارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

چونکە شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا (خاڵ،2003 :41)

دیارە شاعیر وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ڕێژەی زۆری خەڵك، کە ڕوی لە شیعر نوسین کردووە، وەك کارێکی منداڵانە هەمو خەڵك قەڵەمی خۆیان لەم بوارەدا تاقیکردۆتەوە، ئەمەش وایکردووە، کە شاعیر ئەم کەسانە بە (نێرەکەر) ناوببات، بەم شێوەیە تێیانبگەیەنێت کە پلەوپایە و شاعیریەتیان لە چ ئاستێك دایە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە مارف بەگ بڵێن قەتعی مە عاشی من نەکا چاکە
زمانی من لە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوحاکە (خاڵ،2003: 95)

لێرەدا (شێخ ڕەزا) بۆ وەسف و کاردانەوەی خۆی بەرانبەر بە دوژمنەکانی، زمانی بە ماری زوحاك چواندووە، هەر بۆیە ئادگاری دوژمنەکانی دەکاتەوە، ئەگەر بەها و نرخی نازانن لە ڕێگەی ئەو زمان و شیعرەیان تێیاندەگەیەنێت شێخ چ هێز و توانایەکی هەیە. لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

ئەو بە هەیئەت کەڵەشێرە کە بەهەڵمەت شێرە
کەرەمت کردووە بیستوومە دەسا بینێرە
دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ
خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەت بە مریشکان فێرە (خاڵ،2003: 89)

(شێخ ڕەزا) هەندێکجار وەسف و پیاهەڵگوتنەکانی لە ڕێگەی وشە قەدەغەکراوەکانەوە دەردەبڕێت، دەیخاتە خانەی گاڵتەئامێزی و توانج، هەروەك لە شیعرەکەدا واتایەکەی بە ڕونی دیارە خوێنەر بە ڕون و ئاشکرا لە مەبەست و پەیامی شاعیر تێدەگات. هەر لەم چوارچێوەیەدا شاعیر لە شیعرێکی تردا بەناوی (ئێسترێکی ڕووت و قووت)دا دەڵێت :

میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت
خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێ نەداوە موتلەقا
داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قووتی لا یموت
پووش لە لای حەلوایە حەتتا گەر پەڵوشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا مانەندی جووت
گەرچی ناتوانێ بزوێ هێند لەڕو کەم قووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشان دەی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕیش و شانی زامدار و جەدە و بوو ناعیلاج
چەند قروشێکم هەبوو بۆم دا بە نەوت و ئەنزەرووت (خاڵ،2003: 44)

لێرەدا (شێخ ڕەزا) لە ڕێگەی کێشانی ئەم وێنە شیعریەوە هونەرمەندی و پێگە و ئەزمونی شیعری دەخاتەڕوو. کاتێك دەڵێت: (دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت) وێنەیەکی تەواو جیاواز و نوێ دەخاتەڕوو، کە ئامانجی لەم وێنەیەدا تەنیا توانج وکۆمیدی و گاڵتەجاری نییە، بەڵکو وەستایانە حاڵی ئەو (ئێسترە) بەدەست خاوەنی پێشوی دەخاتەڕوو. لە هەمانکاتدا بەراوردی خاوەنی پێشو لەگەڵ ئێستای دەکات کە شێخ خۆیەتی. دیارە جیاوازییەکەیان ئەوەیە، یەکەمیان ڕەزیل بووە و بە گوێرەی پێویست خواردنی پێنەداوە، بەڵام (شێخ ڕەزا) دڵ فراوانی و باشی خۆی دەردەخات بەوەی ئەوەی هەیبووە لە ماڵ بە خواردن و ئالیکی داوە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە قەولی باوە باوە و، میرە میرە
مثالی کیر و کوز هەروەك کون و مار (خاڵ،2003: 62)

شاعیر لێرەدا وشەی (مار)ی بەکارهێناوە، کە خۆی بە واتای ئەو ئاژەڵە خشۆکە دێت، زیندووە، بەڵام لە ڕوی شێوەی هەڵکەوتەی ئەم ئاژەڵە وێنەیەکی لێکچواندنی دروستکردووە، لە نێوان مار و ئەندامی (نێرینە). لە چوارچێوەی ئەم جۆرە وێنە لێکچواندنانە شاعیر زۆر بە توانا بووە توانیویەتی وێنەی هاوشێوە دروستبکات، لە دێرێکی تردا بەهەمان شێوە لە جیاتی (مار) ئەمجارە وشەی (فیل) بەکارهێناوە، کە دەکرێت وەك ئاماژەیەکی بە هێزی دەسەڵاتی غەریزەی سێکسی لێکبدرێتەوە، کە مرۆڤ زۆر جار ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات. ئەمەش توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەخاتەڕو، کە زۆر بە ئاشکرا و ڕونی توانیویەتی ئەو بابەتانەی کە لەنێو کۆمەڵگا تابۆن و قەدەغەن لە وێنەی جۆراوجۆر بیخاتەڕوو. بە هەمان شێوە لەم شیعرەی خوارەوەدا واتای فیل (ئاژەڵ، ك..ر ئەندامی نێرینە) دەگەیەنێت، هەروەك دەڵێت:

چەند هاوارم لە کیرم کرد نەکەی فیلە نەکەی
گوێی نەدامێ خۆی هەوادا کەوتە ناو قەعری کوزی (خاڵ،2003: 124)

(شێخ ڕەزا) لە بابەتی بەکارهێنانی وشەی تابۆ تەنیا ڕوی لە کەسی بەرانبەر نەبووە، بەڵکو بەرانبەر خۆی و بۆ وەسفکردنی حاڵەتی دەرونی خۆی ئەم وشانەی بەکارهێناوە، هەروەك لەم نمونەی خوارەوەدا وەسفی بارودۆخی دەردی دوری خۆی دەکات، ڕێك وەکو ئەو کاتەی ڕێوی بە تەڵەوە دەبێ و هاوار دەکات. بەکارهێنانی وشەی (ڕێوی) بۆ وەسفکردنی باروودۆخی خۆی دەچێتە خانەی تابۆوە، چونکە ڕێوی بە سیفەتی فێڵبازی و تەڵەکە بازی، ...هتد ناسراوە، کە سیفەتێکی ناشیرین و خراپن، هەروەك دەڵێت:

واقە واقی دڵمە بە دەستی فیراقەوە
وەك ڕێوی کە هەردوو گونی بێ بە فاقەوە (خاڵ،2003: 94)

هەروەها هەر لەم دێرەی سەرەوەدا بەکارهێنانی وشەی (گون) بەبێ پەردە تابۆیە .

(شێخ ڕەزا) لە بەکارهێنانی وشە و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە تایبەت وشە قەدەغەکراوەکان ملکەچی هیچ سانسۆرێك نەبووە، بە دڵی خۆی بەکاریهێناوە لە چ شوێنێك بە پێویستی زانیبێ ئەم وشە تابۆیانەی بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات، کە لەنێو کۆمەڵگای کوردی بەربەستێك و سنورێك بۆ بەکارهێنانیان هەیە. دیارە (شێخ ڕەزا) هۆکاری بەکارهێنانیان بەبێ مەبەست نەبووە، بەڵکو هەندێکجار بە مەبەستی بەرگریکردن، یان زۆرجار ڕوبەڕوبوونەوە و هێرشکردنە سەر نەیار و خزم و

دۆستی بووە بەم شێوەیە کاردانەوەیان بەرانبەریان خستۆتەڕو.

**3.2: تابۆی بێڕیزی و جنێودان:**

یەکێکی تر لەو وشە تابۆیانەی لە شیعری (شێخ ڕەزا) بەدیدەکرێت، بریتییە لەو وشانەی کە دەچێتە خانەی جنێودان و بێڕیزی، ئەم جۆرە وشانە دەتوانین بڵێین لە شیعری شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی ئەگەر هەبێت ئەوا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، بەڵام ئەم شێوە بەکارهێنانە لە لای (شێخ ڕەزا) سنوری پێوانەیی تێپەڕاندووە. کەم شیعر هەیە ئەم جۆرە دەربڕینانەی کە دەچێتە خانەی تابۆوە تێدا بەکارنەهاتبێت، تابۆی بێڕیزی و جنێودان یەکێکە لەمانە. (شێخ ڕەزا) لە شیعرێکدا دەڵێت:

عالەم و دنیا ئەزانێ شوکرییە کوێر فەرجی منە
شۆخ و شەنگە هەروەکو ڕەققاص ئەڵێی موتڵەق ژنە
دایکی حیزی خەڵکی بەغدا و باوکی گەووادای سنە
وەك بەدرەی بنت بەکراوا بێ چاوو و بێ بنە (خاڵ،2003: 126)

یان دەڵێت:

حیزێ کە ئەگەر قسە ببەستێ بە ڕەزاوە
بێ شك بە حەڵاڵی لە کوزی دایکی نەزاوە
بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییە شیعری
عومری لە هەوەڵ تاکو ئەخیر تیا کە ڕزاوە (خاڵ،2003: 123)

هەروەك دیارە (شێخ ڕەزا) ئەم شیعرانەی وەك هەجو بۆ (شوکری فەزڵی) نوسیووە، ئەو شانەی بەکارییهێناوە لەوانە (ڕەققاص، حیز، گەوواد، بێ حیکمەت، بێ قیمەت) ئەمانە دیارترین ئەو وشانەن، کە دەچێتە خانەی تابۆی بێڕیزی و جنێودان، کە وەك هەجوکردن بۆ سەر (شوکری فەزڵی) بەکارهێناوە. لە شیعرێکی تریشدا بەهەمان شێوە ئەم جۆرە وشانە بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەمجارە ڕوی ئاڕاستەی تەنیا تاکە کەسێك نییە، بەڵکو ڕوی هەجوکردنی لە چەندین شاری کوردستانە لەوانە (سلێمانی، سنە، سەقز، سیتەك)، توڕەیی و بێزاری خۆی بەرانبەر ئەم شارانە دەردەبڕێت، بەوەی هەر شارێك بە پیتی (س) دەست پێبکات ئەوا هەموویان وەك (شێخ ڕەزا) دەڵێت (حیزە)، کەم ئەم وشەیە وەك جنێو بەرانبەریان بەکارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

حیزە هەر شوێنێ ئەو وەڵی سینە
سلێمانی، سەقز، سیتەك و سنە (خاڵ،2003: 104)

شێخ ڕەزا لەم جۆرە تابۆیەدا ڕوی ئاڕاستەی لە تاك نییە، بەڵکو بەگشتی قسەدەکات، هەروەك ئەوەی پەنجەی دەست وەك یەك بێت، کەسێك ئازاری دابێت ئەوا ئەو کەسە ناوی هەرچییەك بوبێت، ڕق و کینەی ڕوو لە هەمو کەسێك دەبوو ئەگەر ئەم ناوەی هەبوایە، هەروەك لەم شیعرەی خوارەوە بە گشتی ڕقی لە هەر کەسێك دەبێتەوە، کە ناوی (عەزیز)ە، هەربۆیە بە وشەی نەشیاو و جنێو هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر هەر کەسێك کە ئەم ناوەی هەبێت، هەروەك دەڵێت:

هەر کەسێ ناوی مەلا عەزیزە
بن گونی دایم گیزە گیزە
بە خۆی گەوواد و ژنەکەی حیزە
خواردنی گووە و شەربەتی میزە (خاڵ،2003: 98)

لە شیعرێکی تریشدا ئەمجارە ڕوی جنێو و بێڕیزی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خۆیتی، کە سەردەمی گەنجی و لاوی خۆی نەیتوانیووە هاوشێوەی گەنجانی سەردەمی خۆی ژیان بکات و حەز و ئارەزووەکانی بەدیبهێنێت، هەر بۆیە جنێو بە خۆی دەدات بەوەی کە (ئەحمەق) بووە، هەروەك دەڵێت:

ئەحمەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانێ بدەم
مستەفا بەگ چاکی کرد تا ڕیشی هات هەرگانی دا (خاڵ،2003 : 39)

**4.2:تابۆی ئاینی:**

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە (شێخ ڕەزا)، کە پەروەردەی بنەماڵەیەکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی باڵایان هەیە، هەمو شتێك لایان پیرۆز بووە و لادان لێی بە کوفر هەژمارکراوە، بەڵام (شێخ ڕەزا) بوێر و ئازا بێگوێدانە بەها کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی خانەوادەکەی بەشێوەیەکی ناشیرین لە هەندێك لە شیعرەکانییدا وەسفی شێخ و بەگ و میری کردووە، هەروەك دەڵێت:

خلیفە ساختە شێخ(طویلە)چون تو خری
بلی خلیفەء، شێخ(طویلە)خرباشد (ڕەسووڵ، 1979: 108)

لێرەدا (شێخ ڕەزا) لەم شیعرەدا هەجوی یەکێك لە شێخەکانی تەوێڵە دەکات، بە (کەر) ناوی دەبات لەبەرئەوەی کەرێکی کردووە بە والی. (شێخ ڕەزا) لە سەردەمێك ئەم شیعرانەی وتووە، کە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا بە تەواوی پەیڕەوی داب و نەریتەکانی ئیسلام کراوە، ڕێزگرتن لە شێخ و پیاوانی ئاینی یەکێکە لەو دابونەریتانەی کە تاکی کورد پەیڕەوی کردووە، بەڵام (شێخ ڕەزا) لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەجوی کردون و بەو وشانەی کە قەدەغەن و ڕێگەپێنەدراوە بۆ وەسفکردنیان بەکاریهێناوە، هەروەك لە شیعرێکدا دەڵێت:

هێند بە تەعریف و کینایەت لە بنی سنگت بەم
بەگ ئەفەندی بەسەراحەت لە کونی قنگت بەم (خاڵ،2003: 74)

(شێخ ڕەزا) هەندێکجار لە کاتی هەجویی بەگ و شێخەکان پەنای بۆ هەندێك بابەتی وشە قەدەغەکراوەکان بردووە، ئەمەش هەموی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ژیانی ڕۆژانە لەسەر مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکانی، بەشێوەیەك ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لە شێخ و بەگ و میرەکان بەڵێنیان بە (شێخ ڕەزا) دابێت و بەڵێنەکەیان لەبەر هەر هۆکارێك جێبەجێ نەکردبێت، ئەوا بێ دودڵی کەوتونەتە ژێر پەرچوی شیعرەکانی (شێخ ڕەزا) و بە چەندین وشە و دەربڕین گوزارشتیان لێکراوە.، کە ئەم وشانە جۆرێك لە ستاتیکای بە نێو دەقە شیعرییەکە بەخشیووە. هەروەك لەم نمونەی سەرەوە بە ڕونی دیارە لە ڕوبەڕووبونەوەی لەگەڵ بەگێکدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات. هەروەها شێخانی تاڵەبانی بۆ ئەوەی لە کاردانەوە و هەڵوێستی (شێخ ڕەزا) دور بن، هەریەکە ساڵی بەرخێکیان بۆی دەنارد، شێخ ڕەزا لە ڕێگەی شیعرەوە تیشکی خستۆتە سەر ئەم بابەتە و باسی کردووە، هەروەك دەڵێت:

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لە سەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نە نێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە
دێم بە گژیا ئەیدڕم گەر (فی المثل) شێری نەڕە
با نە قەومێت و نەزانن ئەم هەمموو شۆڕ و شەڕە
گشت لە سەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕو بزنی گەڕە (خاڵ،2003 :95)

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم شیعرەدا وشەی (ئەیدڕم) یەکێکە لەو وشانەی زمانی کوردی بەکارهێنانیان قەدەغەیە، بەڵام (شێخ ڕەزا) بێ ئەوەی سانسۆر بۆ قسەکانی دابنێت ڕون و ڕەوان بەکاریهێناوە، بۆئەوەی واتا و مەبەستی بگەیەنێت. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دەردی لوقەی گرت لە ناکاو شێخە توهمەت کەرەکە

ئەو قەیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکوو کەمتارەکە
قۆخ وەهای لێ کرد لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد
شێخەکەی دەم چەوتەکەی لچ گێڕەکەی لێو خوارەکە
کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قوڕمساغەکەی
حیزەکەی، بێ دینەکەی، کەر بابەکەی، بێ عارەکە (خاڵ،2003 :94)

شاعیر لێرەدا لە ڕێگەی چەند وشەیەکی تابۆ وەسفی شێخ هۆمەر دەکات و بە ئاژەڵ (کەمتیار) وەسفی دەکات، ئەم ئاژەڵە جگە لەوەی خاوەن تایبەتمەندی ناشیرین و دزێو بەناوبانگە شێوە و ڕوخسارێکی نەشیاوی هەیە، (شێخ ڕەزا) لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە دەیەوێت تایبەتمەندی کەسایەتی ئەم شێخە بخاتەڕوو.

### 5.2: تابۆی پیسی:

(شێخ ڕەزا) بوێری و ئازایەتی لە بەکارهێنانی وشە تابۆکان و سنوور بەزاندنی نێو وشەکانی زمانی کوردی زیاتر بەدیاردەکەوێت، کاتێك لەنێو شیعرەکانیدا بەشێکی ئەو وشانەی کە پیس و شوێنی گوتنی نێو مەجلیس و هونەر و ئەدەبی نییە، لە لای ئەو زۆر بەکارهێنانیان ئاساییە و لە قاڵبێکی کۆمیدی و گاڵتەئامێز و تەنز خستویەتییەڕوو، هەروەك لەم شیعرەی خوارەوەدا دەڵێت:

ئەی سەرو بڵند و قەدد و برۆ تاق و مەمك جووت
فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت (خاڵ،2003: 28)

دیارە لە کۆڕێکی هونەرییدا شاعیرێك دەیەوێت شیعرێکی (نالی) بۆ (شێخ ڕەزا) بخوێنێتەوە، کاتێك دەست بە خوێندنەوەی نیوەدێری یەکەم دەکات، دواتر ناتوانێت نیوەدێری دووەم بە ڕێك و دروستی بۆ بخوێنێتەوە، لە بیری دەکات، بۆیە (شێخ ڕەزا) بەم نیوەدێرەی سەرەوە بۆی تەواو دەکات، کە وشەکانی (گوو و میز) لە قاڵبێکی تەنز ئامێز و کۆمیدی خستۆتەڕوو. هەروەها لە شیعرێکی تریشدا، کە سەرگوزشتەی خۆی و تێیدا هەجوی (شێخ غەفور) دەکات، هەندێك لەو وشانەی دەچێتە خانەی تابۆی پیسی بەکارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

من موجتەهیدم هاتم و تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گوو خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من (خاڵ، 2003: 49)

(شێخ ڕەزا)کاتێك لە ماڵ و خێزانی خۆی تورە دەبێت کەرکوك بەجێدەهێڵێت و ڕو لە کۆیە دەکات، دەچێتە لای مامی (شێخ غەفور)، ئەویش بەڵێنی پێدەدات، کە کچی خۆی لێ مارە بکات، بۆیە لەسەر ڕاسپاردە و پێشنیاری مامی بۆ ماوەی شەش مانگ لە لای دەمێنێتەوە و ئیش و کارەکانی بۆ ڕایپەدەکات، لە کۆتاییشدا بێ ئەنجام دەگەڕێتەوە. لە شوێنێکی تریشدا وەسفی چای مامی دەکات کە هێندە زەردە هیچ پێناچێت دەرمانچای تێکرابێت، بۆیە لە زەردیان دەیچوێنێت بە میز، لەم شیعرەدا دیارترین ئەو وشانەی کە بەکارییهێناوە و دەچێتە ئەم جۆرە تابۆیە لەوانە (میز، تڕ)، هەروەك دەڵێت:

چایەکەی مامە غەفورم زەردە وەك میزی نەخۆش
ئیحتیاج ناکات بە ئاگر هەر بە دوو تڕ دێتە جۆش (خاڵ،2003: 67)

شێخ ڕەزا لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بەکێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بەخێرم (خاڵ،2003: 73)

(شێخ ڕەزا) لەم شیعرەدا لە قاڵبێکی هونەری و کۆمیدی و تەنز ئامێز تیشك دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ، ئەویش بێ وەفایی منداڵی ئەو سەردەمەیە، کە تا دایك و باوك لە ژیاندا هەن، هیچ خێرێك لە منداڵ نابینن، بە مردوویش ئەگەر خراپتر نەبێت، باشتر نابێت. لە شیعرێکی تریشدا لە ڕێی وشەکانی وەك (تڕ، تس) هەجوی هەمزە ناوێك دەکات، هەروەك دەڵێت:

ئاوازی تڕی، بۆنی تسی، هەمزە حیماری
ئافاقی هەمموو گرتووە، وەك هەوری بەهاری (خاڵ،2003: 117)

بەم شێوەیە دەردەکەێت، کە (شێخ ڕەزا) زۆر بوێرانە ئەو وشانەی کە کاتی ئاسایی و لەنێو کۆمەڵگادا ڕێگە پێدراو نییە، بەکارهێنانیان بە کەسانی بێ شەرم و بێڕێز سەیر دەکرێت، کە ئەمش بۆ کەسایەتی مرۆڤ و ناو ناوبانگی باش نییە، بەکەسێکی باش و ڕۆشنبیر هەژمار ناکرێت، بەڵام (شێخ ڕەزا) بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی گشت سنورەکانی تێپەڕاندووە، لەبەرئەوەی لە قاڵبێکی هونەری و کۆمێدی و گاڵتەجاری ئەو وشانەی بەکارهێناوە، کە هەندێکجار ئەو وشانەی بۆ تیشك خستنەسەر بابەتێکی گرنگی ناو کۆمەڵگا بەکارهێناوە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە (شێخ ڕەزا) لە لای تاکی کورد بەتایبەت پێگە و بەهای بەرزی هەبێت و بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری بکرێت. شیعرەکانی جێگەی خۆی گرتووە و خاوەن شێواز و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە لە شاعیرانی هاوسەردەم و دوای خۆی جیای دەکاتەوە.

### 6.2: تابۆی شوێن:

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە وشەکانی زیاتر لە واتایەك لەخۆ دەگرێت، یاخود بەپێی کات و شوێنی گوتنی ئەم وشانە لەنێو کۆمەڵگادا واتایەکی دیار و واتایەکی شاراوە لەخۆ دەگرێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە زۆرجار واتا شاراوەکە، بریتییە لەو واتایەی کە وەك تابۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە زۆرجار کەسی قسەکەر، کە قسە دەکات و ئەو وشانە بەکاردەهێنێت، وشەیەکی تر لە پێشی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کەسی گوێگر بیری بۆ واتا دیارەکە بچێت و بیر لە واتا شاراوەکە نەکاتەوە، (شێخ ڕەزا) لە شیعرەکانیدا بەشێکی ئەو وشانەی بەکارهێناوە، کە دەچێتە خانەی ئەم جۆرە تابۆیە، هەروەك دەڵێت:

من کە بە شوکری فێرم، هێندە گاوە لێی تێرم
کاتێ کە لەوم لادا عایشەم خستە بەرکێرم
ئەویش ئەوەندە فڵقە، خۆمی لێ هەڵدەبوێرم
یایە نەیویست لەدەست چم زوو ڕابەی نایە ژێرم (خاڵ،2003: 125)

لێرەدا (شێخ ڕەزا) لە پاڵ تابۆی سێکسی کە وشەی (گان، کێر)ە، وشەی (ژێر) بەکارهێناوە، کە زیاتر لە واتایەك لەخۆ دەگرێت، بەڵام (شێخ ڕەزا) لەنێو شیعرەکەدا واتایەکەی یەکلایی کردۆتەوە، کە مەبەستی واتا دیارەکە نییە، بەڵکو واتا شاراوەکە. هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کەنیەکەی فەقێ قادر چ ڕەعنا و زەریفە
بە تاپۆ هی حەمیدە و تصرفی لەتیفە (خاڵ،2003 :103)

وشەی (کەنیەکەی) لەم شیعرەدا بەهۆی هەڵگری زیاتر لە واتایەك بە تایبەت واتای دووەم، کە واتا قەدەغەکراوەکەیە، مەبەستی ئەندامی مێینە دەگەیەنێت، شاعیر وەك هەجویەك بۆ (شێخ حەمید) بەکارییهێناوە، کە لەو سەردەمەدا (شێخ حەمید) خاوەنی دو ژن بووە بە ناوی (ڕەعنا و زەریفە). (شێخ حەمید) و (شێخ لەتیف) هەریەکەیان خاوەنی کانییەك دەبن، بە ناوی (فەقێ قادر) هەریەکەیان بە زەوی ئەوی تردا ڕۆیشتووە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

چاوی عیبرەت دانەوێنن و هەر لە سورقاوشانەوە
ئاوی سوری ئێمەیە ئەڕژێتە ناو زێتانەوە (خاڵ،2003: 103)

وشەی (زێ) هاوشێوەی وشەکانی پێشو واتای دیار و شاراوە لە خۆدەگرێت،

بەڵام (شێخ ڕەزا) لەم شیعرەدا واتایەکەی وەك ئەوانی پێشو دیاری نەکردووە، واتە بە لێڵی ماوەتەوە. لێرەدا ئایا مەبەستی واتا دیارەکەیە، یاخود واتاشاراوەکەیە، چونکە دەتوانرێت بە هەردو واتا لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لە شیعرێکی تردا بە هەمان شێوە وشەی (زێ) بەکارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

لە بۆ مەغبووری و لێڵی دوو سێ تێلاوم لە زێ وەردا

وەکو شەخسێ کە چەند کێرێ لە سەر چەشمەی قوزێ وەردا (خاڵ،2003: 41)

### 7.2: تابۆی سیاسی:

(شێخ ڕەزا)ی بوێر و نەترس وەك ڕەخنەگرێك پەرچوی ئەو کارانەی کردووە، کە دەسەڵاتدارانی بێگانە و داگیرکار و کاربەدەستانی تەمەحکار ئەنجامیان داوە بەرانبەر بە تاکی کورد، لەوانە نادادپەروەری و ستەم و زوڵم، ئەمەش وایکردووە زمانێکی زبر و توانج، تێکەڵکێشی ئەزمونە شیعرییەکەی بکات. بە شێوەیەك ((زمانی هەجوی شێخ ڕەزا پەردەکانی شەرم و شورەیی و بڤە و تاپۆکانی دڕیوە و زۆرجار ئەو پەڕی بێ حورمەتی و سوکایەتی بەرانبەر کردووە))، (فەلاح، 2014: 89). هەروەك لە شیعرێکدا دەڵێت:

دوشمنه قارشی کدی، ملتو قارشی اصلان

لعنه الله علی حضر هذا السلطان

لعنه الله علیه و علی تابعه

و علی من لم یرض بحکم القران (خاڵ،2003: 252)

(شێخ ڕەزا) لەم شیعرەدا بەگژ دەسەڵاتداران و سوڵتانەکانی عوسمانی و سیخورەکان چووە، ڕق و بێزاری خۆی نیشان داوە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم وشە تابۆیانە و وێنە شیعریانە ڕەخنە و تیر و توانجی لە ئاکار و ڕەوشتیان گرتووە. هەر بۆیە نزای ئەوەیان لێدەکات، کە بە بەر نەعلەتی خودای گەورە بکەون ئەم سوڵتانانە و ئەوانەی باوەڕیان پێیان هەیە. پەیڕەوی یاسا و دابونەریتەکانیان دەکەن و لە یاساکانی قورئان دورکەوتوونەتەوە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان لایەنگیری سوڵتان و دەسەڵاتداران دەکەن، کە ئەمانەش هەموی بۆ شێواز و ئوسلوبە سەتیرەکەی (شێخ ڕەزا) خۆیەتی، کە تانوپۆی شیعری ئەوە و خۆی بە هەمو مەیدان و مەبەستەکانی شیعری ئەودا دەکات ئەمە شێوەی سەتیرە لە هەجوکردن و شەرەجوێن (شێخ ڕەزا)دا دەگاتە لوتکە. دەتوانین بڵێین (شێخ ڕەزا) توانیویەتی وەك شاعیر و هونەرمەندێکی بوێر و بە هەڵوێست لە بەرانبەر درۆ و فێڵ و تەڵەکە و دزی و ستەم و زوڵمی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ئەوکات ڕابوەستێت و لە ڕێگەی شیعرەوە لە لایەکەوە ڕێگای تاریکی ڕۆشن بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی شێوازی بەکاربردنی زمانی شیعری وەك شاعیرێکی ڕێچکە شکێن بێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. (شێخ ڕەزا) لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا پابەند نەبووە بە دابونەریت و کلتوری کوردییەوە و ئەو وشە و زاراوانەی کە ناکرێت بگوترێن، ئەو لە ناو شیعرەکانی بێ سڵەمینەوە بەکاریهێناون و تابۆی زمانی کوردی شکاندووە.
2. زمان و دابونەریت و کلتور دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، زمان ئاوێنەی کلتورە و کلتوریش لە زماندا ڕەنگدەداتەوە
3. شیعرەکانی (شێخ ڕەزا) بەهۆی ئەوەی سنور و دەستورەکانی زمانی تێپەڕاندووە، هەر بۆیە وایکردووە گشت ئەو وشانەی کە دەچێتە خانەی تابۆوە لەنێو شیعرەکانی ڕەنگ بداتەوە.
4. زۆربەی جۆرەکانی تابۆ لە شیعری (شێخ ڕەزا)دا بوونی هەیە، بەڵام لەڕوی ڕێژەی بەکارهێنانیان جیاوازە، هەر بۆیە بەپێی ڕێژەی زۆری بەکارهێنانیان بەم شێوەیە دەتوانین ڕیزی بکەین، لەوانە: تابۆی (سێکسی، میتافۆری ناوی ئاژەڵەکان ، جنێودان و بێزیری، ئاینی، ، پیسی، شوێن و سیاسی).
5. بەپێی ئەم توێژینەوەیە، تابۆی سێکسی و جنێودان و بێزیری، لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


ئەحمەد، سیروان سەمین (2021) تابۆ لە پەندی پێشینانىا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك، بەرگی (16)، ژمارە (2)، (447 ـ 459.(

حەسەن، فەرهاد عەزیز (2016) داشۆرین لەنێوان شێخ ڕەزا و ئێرەج میرزا، Bingolunive rsitesi Yasayan Diller Enstitusu Dergisi Yil:2, Volume2:

خاڵ، شێخ محەمەدی و ئاشنا، ئومێد (2003) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

فەرەج، شاخەوان جەلال (2011) تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

فەلاح، شەریف (2014) شیعری شێخ ڕەزا تاڵەبانی لووتکەی هەڵچوونی

شەمس، هێمن عەبدولحەمید (2018) پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر تابۆی سێکسی بەنمونە، گۆڤاری زانکۆ، بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە 3، کۆیە، 140.

عارف، زوبێر عەلی (٢٠١٢) ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سێمانی.

کەسنەزانی، بوشرا (2021) شیعری کلاسیکی کوردی و تابۆوشکێنی، چاپخانەی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی.

موحسین، بەهزاد (2008) کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (129)، هەولێر، 116.


### بە زمانی ئینگلیزی:


Armstrong, Nigel (2005) Translation, Linguistics, Culture A French–English Handbook), British Library Cataloguing in Publication Data.

Allan, Keith and Burridge, Kate (2006) Forbidden words. Taboo and the censoring of language. Cambridge: Cambridge University Press.

Allan, Keith (2016) Taboo, Monash University, Australia.

Abdul-Majeed, Rufaidah Kamal (2016) Taboo Words Vs. Social Deixis: A sociolinguistic Analysis of La Justice or The Cock that Crew: A Play from the Theatre of Ridiculous, University of Baghdad - College of Education for Women - English Language Dept. vol. 27 (1.(

Fershtman, Chaim, Gneezy, Uri, and Hoffman, Moshe (2011) Taboos and Identity: Considering the Unthinkable, American Economic Journal: Microeconomics 3: 139–164.

Habibovic, Asima (2010) Taboo Language Swedish teenagers' understanding of and attitudes to English taboo language, English Department, Kristianstad University.

Ningjue, Zhou (2010) Taboo Language on the Internet, An Analysis of Gender Differences in Using Taboo Language, Kristianstad University, English Department, Elective course: Language and gender.